كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەكی ئەلەكترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی كوردییە
www.kurdistannet.org
22:48 17-9-2007بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

**كانی هەڵەبجەی كفری نەكرد.... . بەڵام، وەڵام: بۆ موراد موبرەی ... ئەیوب سازمانی**

ئازیزی من موراد موبرەی من بابەتەكەی بەرێزت خوێندەوە، بە سنگێكی فراوانەوە وەری دەگرم و پێشم وایە كانی كفری نەكردووە، كفر بریتی نیە لە جنێو دان بە خوا، سوتاندن و فرێدان و ناشرین كردن و سوكایەتی كردن بە بە شتە پیرۆزكراوەكانی كۆمەڵگە، بەڵكو كفر بەها دانانە بۆ شتە بی بەهاكان، گەورە كردنی شتە بچوكەكانە و شاردنەوەی راستیەكانە، كفر دزینی سەروەت و سامانی خەڵكە، درۆكردنە لەگەڵ یەكتری، ناعەدالەتی كردنە.... ....

براغی بەرێز من كانی هەڵبجەی ناناسم و هەرگیز نە بینیومە و نە قسەشم لەگەڵ كردووە، بەڵام نوسینەكانیم خوێندۆتەوە و دەشیخوێنمەوە، لەبەر ئەوەی دەزانم گەنجێكە بە بی ترس و شەرم دەنوسێت، كانی كە دەنوسێت پێم وانیە لایەنێكی دیاریكراو لە پشتیەوە بی و پێی بڵێن چی بنوسە، مانگانە موچەی نیە بۆ ئەوەی چیان ووت ئەو بیكا، نەبۆتە خۆفرۆشێكی قەڵەم بەدەستی حزبی.

كانی هەڵەبجەی كەسێكی بە توانا و زیرەكە، چونكە كوان ئەو گەنجە كوردانەی كە لەو شێوە و تەمەنەدا وەكو ئەو قسە بكەن و بڵێن و بنوسن، من دەزانم ئەو گەنجێكی كوردە و كچە كوردێكە سبەینی بەم كارانەی سەرمان بەرزدەكاتەوە، منیش وەك كوردێك سبەینی كە شەهادەیەكی بەرز دەهێنی، پلەیەك وەردەگری و لە جێیەك بە دیار دەكەوی، قامكی بۆ رادەكێشم و سەربەرزانە دەڵێم ئەوە كچە كوردە، كانی و سەدان كچ و كوری دیكە ئایندەی كوردیان لە ئەستۆیە لە بواری ئەدەب و رۆشنبیری و زانست و زانیاری ئەوان دەبنە پێشەنگی سبەینی.

كاك موراد پێم وانیە لە تێروانینی منەوە كانی كفری كردبی بەڵام نە دەبوو بەسەر راگەیاندنی دەسەڵاتێكی گەندەڵ و دز و فەساد و جەردە و ماستاو چی بنوسێت كە لە كوێوە بای هات شەن بكات.

ئێستاش دەڵێم برۆ رۆژنامەی كوردستانی نوی هەڵبدەرەوە پرە لە درۆ خیانەت جنێو سوكایەتی تەشهیر.... ..

من وەكو خوێنەرێكی تەواوی نوسیەنەكانی كانی هەڵبجەی تێبینیم لەسەر نوسی نەك وەكو دوژمنێكی یان خوا نەخواستە وەكو ئەوە یوەربگیری كە من بمەوی كانی غەمبار بكەم و نیگەرانی كەم بەوەی كە خوێنەرانی پێیان وایە هەڵەی كردووە، ئەوەی كانی كردویەتی هەڵە نیە، هەڵە ئەوەیە داوای لێبوردنی بە دوادا بێت.

كانی هەڵەبجەی نە هیچ گەنجێكی دیكە نابێت وەكو ئەو كاسانە نە بیر كەنەوە و نە بنوسن كە سوكایەتی دەكەن جنێو دەدەن لە تەشهیر زیاتر هیچی دیكە نازانن.

بەلێ من ئێستاش دەیلێمەوە راگەیاندنی یەكێتی و پارتی و زۆربەی حزبەكانی دیكەش گەندەڵن مشە خۆرن درۆ دەكەن.... .... .... .... .... .... .... ....

بەلێ ئێستاش و لە كۆتایدا دەیلێمەوە نە كانی نە هیچ گەنجێكی دیكە پێم باش نیە بەسەر دەسەڵاتی شەری ناوخۆ و كورد كوژدا بنوسن و ئێستا شەری كورد ببێتەوە ئەو راگەیاندنانە دەبنە هاندەری هەزاران لاو شەر خۆبەخۆمان پێدەكەن

لەگەڵ خۆشەویستی بۆ موراد و كانی

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.